Zahawi Center زەهاوی..
Liked 21K likes

ووتار

Share Like 0

## ڕانانێك بۆ كتێبی "سیستمی سیاسیی لە هزری ئیسلامیدا"

بەروار: 16/11/2018
بینین: 146

كۆسرەت صالح



***كۆسرەت ساڵح ئەحمەد***
***توێژەر و مامۆستا لە زانكۆی سەڵاحەددین – هەولێر***

**ئەم كتێبە لە بنچینەدا بریتییە لە چەند توێژینەوەیەكی ئەكادیمی پێشكەشكراو بۆ كۆنگرەی سێیەمی سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فیكریی، كە لە ڕۆژانی 16-17 ی ئایاری 2014 لە سلێمانی بەڕێوەچووە.**

**دواتر سەرجەم توێژینەوە پێشكەشكراوەكان لە لایەن دكتۆر دیاری ئەحمەد ئیسماعیل، دكتۆر حوسێن محمد ئیبراهیم و دكتۆر دانا علی صالح بەرزنجی پێداچونەوەییان بۆ كراوە، پاشان وەك بەرهەمی ژمارە 35ی سەنتەرەكە لە دووتوێی كتێبێكی 660 لاپەڕەیی ساڵی 2016 لە سلێمانی بۆ جاری یەكەم چاپ و بڵاوكراوەتەوە، لە هەردوو ناوەندی سارا و ڕێنوێن لە سلێمانی و تەفسیر لە هەولێر دەست دەكەوێت.**

**كتێبەكە بە شێوەیەكی گشتی پانزە توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و حەوت توێژینەوە بە زمانی كوردی لە خۆدەگرێت، كە سەرجەمیان لە دەوری تەوەری سەرەكی كە بریتیە لە سیستمی سیاسیی لە هزری ئیسلامیدا دەسوڕێنەوە، گرنگترین پرسە وروژێندراوەكانی ناو ئەم توێژینەوانە ئەمانەن:**

**(دەوڵەتی مەدەنی و ئیسلام، ئاشتی و كلتووری بەها سالاری، ئافرەت و بەشداری سیاسی، ئافرەت و بەرپرسیارییە گشتییەكان، ئەزموونی عەلمانییەت لە كۆمەڵگە ئیسلامییەكاندا، فرەیی هزریی و سیاسی، ڕاوێژ و بەشداریی سیاسی، تیۆری ویلایەتی فەقیهـ لە هزری سیاسی شیعەدا، كێشەكانی پەیوەست بە چەمك و ناوەڕۆكی ئیسلامی سیاسی، شۆڕشەكانی عەرەبی و ئاسۆكانییان، ماف و ئازادییەكان لە دەستوری مەدینەدا، هاوڵاتیبوون لە شەرعدا، ئیسلام و سیاسەتی هاوچەرخ، هەڵسەنگاندنی ئەدای سیاسی ئیخوانەكانی میسر) سەرجەم ئەم پرسانە لە چوارچێوەی هزری ئیسلامی شیكاركراون.**

**بەشداربووانی كۆنگرەكە، كە توێژینەوەكانیان لەم كتێبە بڵاوكراونەتەوە، بریتیین لە كەسانی ئەكادیمی و پێنووس بەدەستی بە بڕشتی جیهانی ئیسلامی، لە هەردوو نەتەوەی كورد و عەرەب، دیارترینیان: عیمادەدین خەلیل، مستەفا جابر عەلوانی، هادی عەلی، سەباح بەرزنجی، فازڵ قەرەداخی، فاتیح سەنگاوی، ئەحمەد عامر دلێمی...هیتد.**

**كە بەشێك لە توێژەرە بەشدارەكان لە پاڵ توێژینەوە و كاری ئەكادیمی لەسەر پرسەكانی پەیوەست بە سیاسەت و كاری ئیسلامی بەشداری كاراشیان هەبووە و هەیە لە مەیدانی سیاسەت و پارتایەتی ئیسلامی، ئەمەش زیاتر توێكاری پرسەكان واقیعی تر دەكات، چونكە ئاشكرایە كەسانێك لە هەردوو ڕووی تیۆری و كردارییەوە ئەزموونی كاركردنیان هەبێت لەسەر هەر پرسێك زۆر واقیع بینانەتر لە پرسەكە دەڕوانن لەو كەسانەی تەنیا زانیاری تیۆرییان هەیە.**

**شیاوی ئاماژە پێكردنە، كە چەمكی بەكارهاتووی سیاسەت لەم كتێبە بریتییە لە بەڕێوەبردنی كاروباری خەڵك بەشێوەیەكی دروست و دادگەرانە. ئەگەرچی هەبوونی سیستەمێكی سیاسی ئیسلامیی پشتبەستوو بە دەق و میتۆد جێگەی مشتومڕە بەڵام لە كتێبەكە چەند نموونەیەكی حوكمڕانی وەك سیستەمی سیاسی ئیسلامی وێناكراون و شیكار كراون.**

**لەلایەكی تر، لایەنە جوانەكانی حوكمرانییە جۆراوجۆرەكانی سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی وەك سەروەتێكی مەعریفی و كەلەپوری كەڵەكە و گەورە هەژماركراون، هەروەك بە شیاویش دانراون كە بەرپرسەكانی پارت و دەسەڵاتدار و سیاسییەكان**

وتار


ولاتانی ئەورووپا ئەمریكا وەك شوێنی بازرگانی كردن بە مند...
هۆشیار جەمال


كورد لە ململانێی عوسمانی سەفەوی دا خوێندنەوەیەك ب...
د. ئاراس محمد صالح

زیاتر

توێژینەوە


گرنگترین و دیارترین هۆكارەكانی دروست بوونی (ئیختیلاف) ...


بیری نەتەوایەتی لەلای زانایان ـ هەڵسەنگاندن و بەراوردێك لە...


تیرۆر یان دایڤێرستی لە كۆمەڵگای كوردی؟...

زیاتر

ڤیدیۆ



ماف و ئازادیەکان لە ئیسلامدا د.سەباح بەرزنجی...

لە زەمینەی کاری سیاسیی شوێن پێیان هەڵگرن و ئیلهام لە بنەما و بەهاکانیان وەربگرن و بە ڕۆحێکی سەردەمیانە و هاتیەوە لەگەڵ واقیعی هاوچەرخ بەرجەستەی بکەن و خزمەتی خاك و مرۆڤ و ژینگە و سروشتی پێبکەن و زەوی فراوان بە جۆرەها شێوە ئاوەدان بکەنەوە.

لە میانەی کۆباسەکانی کتێبەکە تیشك خراوەتە سەر دۆخی حوکمڕانی لە وڵاتانی ئیسلامی، کە لە سەدەی ڕابردوو بە شێوازەکانی سۆشیالیستی و مارکیسی و لیبرالی و جارجارەش ئیسلامی گوزەری کردووە، بەڵام هەر یەك لەو سیستەم و جۆری حوکمڕانیە نەیانتوانییوە ببنە مایەی ئاوەدانی ناوچەکە و خزمەتکردنی هاوڵاتییەکانی، بەداخەوە زۆربەی کات سەرجەم هەوڵ و تەقەلا و هیممەتییان بۆ چەوساندنەوە و چاوبەرەژێرکردنی هاونیشتیمانییەکان و تاڵانکردنی خێر و بێری وڵاتەکەیان بووە، لە کۆتاییدا سەریان گەیشتووە بە دیکتاتۆریەت و ستەمکاری و قۆرخکاری سیاسی و وڵاتیان بە ئاقاری هەڵدێر و کارەساتباری شۆڕکردۆتەوە و خاك و خەڵکیان دوچاری نەگبەتی و نەهامەتی کردووە.

دواتر، بەهاری عەرەبی وەك تروسکای ئومێدی گۆڕانکاری لە کتێبەکە هەژمارکراوە، بەڵام بە شۆڕشی پێچەوانە و پیلانگێری هێزە بەرژەوەندپەرستەکانی دەرەکی لەباربراوە و لەبری بوژاندنەوە و چەسپاندنی داد و دادپەروەری و هێنانەدی خەونی دەیان ساڵەی هاوڵاتیانی ناوچەکە، شەڕی ناوخۆیی و بەفیرۆچوونی سەروەت و وزەی ماددی و مرۆیی و کاولبوونی ژێرخانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیفلاسبوونیان لە رووی داراییەوە بریتی بوو لە بەرهەمەکەی. هەروەها بێئومێدکردنی خەڵکی موسوڵمانی ناوچەکە لە گێڕاندنەوەی حوکمی ئیسلامی، لە ڕێگەی بەلاڕێدابردنی شۆڕشەکە لە ڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵە ڕێکخراو و گروپێکی توندڕەو کە دەست لە هیچ شتێك نەپارێزن، ئەمەش بەجۆرێك حوکم و هەوڵەکەی ناشرین کرد کە تا زەمانێکی دوور مسوڵمانان خەیاڵی گێڕانەوەی حوکمی ئیسلامی لە ناوچەکە سڕبکەن و خۆی لە قەرەنەدەن.

پرسی پڕکێشمەکێشمی هەبوونی سیستەمی سیاسی لە ئیسلامدا و بنەماکانی حوکمی ئیسلامی ڕەشید لەلایەك، ڕووداوە ئاڵۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرەتای دەیەی دووەمی هەزارەی نوێ لەلایەکی تر، ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی زانستی و گەنگەشەکردنی ئەم پرسانە لە دەلاقەیەکی ئەکادیمی و لە سەر دەستی پسپۆران کردە پێویستی. لە دەرەنجامدا سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی شانی دایە بەر کارێکی لەم چەشنە، لە پێناو پێکانی دوو ئامانجی سەرەکی:

یەکەم: دەرخستنی لایەنە پڕشنگدارەکانی ئیسلام سەبارەت بە سیستەمی حوکمڕانیی و دەسەڵاتداریی و سیاسەت کردن.
دووەم: پێداچونەوە و ڕەخنەگرتن وهەوڵی نوێگەری ئەنجامدان لە چەمکە گۆڕاوەکانی بوارەکە و دیراسەکردنی بابەتەکە لە ژێر هەیمەنەی بەرژەوەندی گەلانی مسوڵمان و پێداویستیی و دەرەنجامەکانی واقیعی هاوچەرخ.

ناوەڕۆکی سەرجەم توێژینەوە پێشکەشکراوەکان لەم کتێبە، هەوڵدەدەن وەڵامی چەند پرسیارێکی سەرەکی بدەنەوە، پەیوەست بە هزری سیاسی لە ئیسلامدا، گرنگترینیان:

- ئایا ئیسلام دان دەنێت بە سیستەمی سیاسی؟ بە واتایەکی تر: ئایا شتێك لە ئیسلامدا هەیە بەناوی سیستەمی سیاسی ئیسلامی؟ یان بیدعەیەکە و خولقێنراوە؟.

- ئایا دەوڵەتی مەدینەی سەردەمی پەیامهێن دەوڵەتی دینی بووە یان مەدەنی؟

- ئایا خەلافەتی ئیسلامی هەر لە سەردەمی خەلیفە راشیدینەکانەوە تا رووخانی دەوڵەتی عوسمانی بریتی بووە لە دەوڵەتی دیینی؟!.
- ئایا دەوڵەتی مەدەنی و دەوڵەتی عەلمانی یەکسانن بەیەك یاخود جیاوازن؟

- ئایا حوکمرانی ئەمەوی و عەباسییەکان و دواتر عوسمانییەکان بریتی بووە لە گواستنەوە و بەرجەستەکردنی ئەزموونی حوکمرانی ڕۆم و فارسەکان یان جیاواز بووە؟

- پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت چیە و لە چ ئاستێك دایە؟
- پێگەی بەها باڵاکان لە سیستەمی سیاسیی چۆنە و لەکوێدایە؟

- ئایا دەگونجێت ئایین و سیاسەت لەیەك جیابکرێنەوە؟ بە دارشتەیەکی تر، تا چەند گونجاوە سیاسەت و حوکمڕانی دوور لە ئایین بە ڕێوەببرێت؟!

- پێگەی ئافرەت لە سیاسەت و تێروانینی ئیسلام بۆ ئافرەت لە هەمبەر وەرگرتنی پۆستە بالاکانی وڵات چیە و چۆنە؟

- ئایا فرەیی هزری لە ئیسلامدا جێگەی دەبێتەوە؟

- پەیامی ئیسلام سەبارەت بە فرەیی ئایینی و ئاینزاکان چۆنە و چۆن مامەڵە لەگەڵ کەمایەتییە ئاینییەکانی تر دەکات؟
- ئایا لە شەریعەتی ئیسلام هیچ بنچینە و ڕەچەڵەکێکی بنەڕەتی بۆ سیستەمی سیاسی دانراوە؟

- ئایا چەمکی ئیسلامی سیاسی چەمکێکی گونجاوە کە بۆ پارتە ئیسلامییەکان بەکاربێت؟ ئایا ناوەڕۆکی چەمکەکە هاوڕێک و تەبایە لەگەڵ ئیسلام و پارتە ئیسلامییەکان؟

- تێڕوانینی ئیسلام سەبارەت بە پرسی هاوڵاتیبوون چیە و چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات؟

- ئیسلام چۆن مامەڵە لەگەڵ فرەیی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی و رۆشنهزری دەکات؟ هەروەها تا چەند دەرگای بەشداری کارایی سیاسیی بۆ کەمایەتییە ئاینییەکانی تر دەکاتەوە؟

- ئیسلام چۆن دەڕوانێتە پرسی دیکتاتۆریەت؟ مەترسییەکانی رژێمە دکتاتۆرەکان و زیانەکانیان چیین؟ چۆن بەرەنگاری دکتاتۆریەت ببینەوە: بە رێگەی مەدەنی وەك ئامۆژگاری و رەخنە و هەڵبژاردن یان رێگەی سەربازی و شۆڕش و خەباتی چەکداری؟

- گرنگترین و سەخترین ئالنگارییەکانی هاوچەرخ لە حوکمڕانیدا چین کە روبەرووی وڵاتە ئیسلامییەکان دەبنەوە؟ هەروەها چۆن بەربەستەکان بشکێنین و ئالنگارییەکان بە ئەرێنی و سەلامەتی تێپەڕێنین؟!

ئەمانە و چەندین پرسیاری تری پەیوەست بە پرسە هزرییە سیاسییەکان لە دوو توێی کتێبەکە وروژێنراون و وەڵام دراونەتەوە.
ئەوەی ئەم بەرهەمەی (سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی) لە زۆرینەی بەرهەمەکانی تری جیادەکاتەوە بریتییە لە چەند خاڵێك کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- ئەم بەرهەمە زۆربەی پرەنسیپە زانستی و ئەکادیمییەکانی تێدا رەچاوکراون لە دیاریکردنی تەوەرەکانی توێژینەوە، بانگەشە بۆ کۆنگرە، هەڵسەنگاندن و قبوڵکردنی توێژینەوەکان و سەنتەر تەواو بە پێوەرە ئەکادیمیی و زانستییەکانەوە پابەند بووە.

- تایبەتمەندی توێژینەوەکان و بیر و قسەی توێژەرەکان پارێزراوە، تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی ستراتیژی سەنتەریش بوبێت، ئەمەش بۆ ئەوەی هەم زانستی بوون و هەمیش ئەکادیمی بوونی تەواو بێتە ئاراوە.

- پابەندبوون بە رێکار و ستایلی ئەکادیمی لە نووسین و پەراوێز و پەیکەری ناوەڕۆکی توێژینەوەکان، کە دواتر هەمان پەیرە و میتۆد لە کاتی بە چاپگەیاندنی کتێبەکەش رەچاوکراوە.



- هونەری رەنگەکان لە ئیسلامدا و کاریگ...

محمد مەلا محمود تاوگۆزی



- وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا وەک شوێنی بازرگ...

هۆشیار جەماڵ



- کورد لە ململانێی عوسمانی سەفەوی دا خو...

د. ئاراس محمد صالح



- میانڕەویی و کاریگەریی ئەو لە پەروە...

د.سەباح بەرزنجی



- کتێبی (بنکەنکردنی دیوارێکی لەرزۆک)...

هۆشیار جەماڵ



- پاشای دادپەروەر...

فەرەیدوون ئە حمە د



- شارستانیەتی ئیسلامی، هۆکاری دواکەوتن...

لوقمان سەمەد برادۆستی



- خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی "منهج القرآن ال...

هەژار حاتەم

- زانستی نوێ سەلماندی: "گشت مرۆڤەکان تەنها...

- ئیلحاد و ئەخلاق ... ئەگەر خواوەند ئەفس...

د. ازاد علي اسماعيل



و: د. مەریوان حەمە دەرویش صالح





Copyright ©, All Right Reserved.